ژماره ١١
ئاداری ٢٠٠٨

# "گۆرانیبێژی سەرکەوتوو دەبێ خاوەنی گەنجینەیەکی رۆشنبیری بێت"

# چۆمان رەشید



دیمانە: ئیسماعیل شەمزینی

چۆمان رەشید، ئەو هونەرمەندەی وەك گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو خۆی ناساند ویەکەم بەرهەمی بەناوی (هەناره) بە حەوت تراك پێشکەش بە جەماوەرەکەی کرد، لە سالی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لە دایکبووەو ئێستا دانیشتووی تاراوگەیە، کوێستان لە دیمانەیەکدا چەند لایەنیکی هونەریی ئەو هونەرمەندە بۆ خوێنەرانی دەخاتە روو:

**ئاستی هونەری کوردی و جیاوازیەکانی لە کوردستان و ئەوروپا چۆن دەبینی؟**

چۆمان رەشید: سەرەرای زۆری‌و بۆری زۆر کەلە گۆرانی کوردیدا بەدێ ئەکرێت وە کەمێك سانسۆری گۆرانی لە کەنالەکاندا لاوازی پێوە دیارە، بەلاّم کاری چاکیش کراوەو هونەرمەندان توانیویانە بۆشاییەکی کەم تا زۆر لە گۆرانی و هونەری کوردیدا پر بکەنەوە، بە رای من هونەرمەند لە هەر کوێیەك بێت ئەتوانێت ئەرشیفی هونەری نەتەوەکەی خۆی دەولەمەند بکات، بەلاّم بە مەرجێك رەچاوی ئەوە بکات کە ئەو هونەرەی پێشکەشی ئەکات ئەبێت مۆرکی کلتوری نەتەوەیی خۆی زۆر تیا بەدیبکرێت، من دژایەتی ئەوە ناکەم کە هەندێ کات پێویستە سود لە هونەری بێگانە وەرگرین، بەلاّم توخوا با سود لە بێگانەیەك وەرگرین کە دۆستایەتی میللەتەکەمانیان کردووە نەك لە بێگانەیەك کە بە درێژایی مێژوو دوژمنایەتی گەلەکەمانی کردووە و ئێستاش بەردەوام دوژمنایەتیمان ئەکەن و ئەیانەوێت خوێنمان بمژن.

**جگە لە گۆرانی وتن، لە بواری مۆسیقادا کارت کردووە؟**

چۆمان رەشید: بەلێ من پێش ئەوەی گۆرانی بێژبم مۆسیقیم و ئامێری

ئۆكۆردیۆن و كیبۆرد ئەژەنم، سەرەتای چونە ناو دونیای هونەریم ئەگەڕێتەوە بۆ سالانی ١٩٧٨ ئەو كاتە لە تیپی مۆسیقای مندالانی پیرەمێرد لە سلێمانی وەك مۆزیك ژەنێك دەستم بە كاری هونەری كردووە، وە یەكێك بووم لە هاورێیانی نزیكی شەهید كارزان و شەهید فەرمان.

**گرفتی هونەرمەندانی كورد لە ئامادە كردنی سیدی و كلیپدا چین لە دەرەوەی ولات؟**

چۆمان رەشید: زۆرن ئەو گرفتانەی كە دوچاری هونەرمەندان دەبێتەوە لە كاتی ئەنجامدانی كاری هونەری لە دەرەوەی ولات، بۆ نمونە زۆر بە ئاسانی بۆمان ناكرێت هونەرمەندە موزیك ژەنەكان كۆ بكەینەوە بۆ كاتی پرۆڤە و تۆماركردن، بە هۆی دوریمان لە یەك، هەر یەكێكمان لە شارێك و لە ولاتێكین، وە دوای ئەوە بەراستی گرفتی ماددی ئەوەش خۆی لە خۆیدا گرفتێكی كەیە، چونكە لێرە لە رووی خەرجیەوە كارەكان زۆر بە گرانبەها بۆت دێت بە دەستەوە، ئەمە وەكو كێشە میكانیزمیەكان باسم لێكرد، لە سەروو هەموویانەوە كێشەی دەروونیو غەریبی ئەوەش كاریگەری زۆری هەیە لەسەرمان لە رووی دەروونی، راستە هەر یەك لە ئێمە واقعێكی تال و ناخۆشی ئەمرۆی كوردستان وای لێكردوین كوردستانەكەمان جێبێلین، بەلام ئەوەشتان یاد نەچێت مرۆڤ لە جەهەنەمیش لە دایك بێتو زمانی لەوێ بپارێوێ، بچێتە هەر جێگاییێكی دنیا دلی لەو شوێنەیە كە لێی لە دایك بووەو سۆزدارە بەرامبەر بەو یادەوەریانەی كە لە ولاتەكەی خۆی هەیبووە.

**چۆن دەتوانین گۆرانی وتن لە زەوقو مەیلی كەسێكەوە بگوازینەوە بۆ هونەری كۆمەلگا؟**

چۆمان رەشید: لە زۆر چاوپێكەوتنمدا لە كەنالەكانی تەلەفزیۆنو رادیۆكان بە چروپری باسم لەسەر ئەم كێشەیە كردووە، ئێمە پێویستە بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە روو بكەینە سیستمی پەروەردەیی، بۆیە من لەم گۆڤارە جوانو پڕ لە خزمەتەی ئێوەوە دووبارەو سەد بارە داواكارم لە وەزارەتی پەروەردە كە چیتر وانەی هونەر لە قوتابخانەكان ئەوەندە بێ بایەخ نەگرن، پێویستە ئەو وانەیە زۆر بەجدی كاری بۆ بكرێت و تەنانەت وای لێ بێت قوتابی لەو وانەیەدا حەقی خۆی بدرێتێ، مەنهەجێكی دارێژراو دابندرێت و زۆر بە جدی وانەكانی مێژووی مۆسیقاو تیۆری مۆسیقاو چێژی مۆسیقی لەو وانەیەدا بگوترێتەوە، ئەو كاتە گەر بەو شێوەیە پیادە كرا من دلنیاتان ئەكەم لە سەد هەزار خوێندكاری كورد ئێمەش لە ئاییندەدا ئەبینە خاوەنی دەیان بیتهۆڤنو پاگانینیو خاچادۆریانو ....هتد، ئەوەشی گەر نەبێتە مۆسیقارێكی باش بە دلنیاییەوە ئەلێم ئەبێتە گوێگرێكی زۆر باش، ئەو كاتە هونەری رەسەن لە هونەرێكی كاتیو مەیلو چێژی تاكەكەسی جیا ئەكرێتەوە.

**بە واتایەكی تر بڕوات بە گۆرانی زیندو هەیە؟ واتە ئەو گۆرانیانەی كە نامرن.**

چۆمان رەشید: بەرای من ئەو هونەرمەندە گۆرانی بێژەی كە باوەری بە گۆرانی زیندوو نەبێت، لەو بروایەدا نیم كە ئەو گۆرانی بێژە خاوەنی هەلگری ئەو پەیامە بێت كە گۆرانی بۆ خزمەتی میللەتی خۆیو بە پیرۆز راگرتنی كلتوری نەتەوەیی خۆی بلێت، بۆیە دەلێم من زۆر باوەڕم بە گۆرانی زیندوو هەیە.

**مەرجەكانی گۆرانی و گۆرانی بێژی سەركەوتوو چین؟**

چۆمان رەشید: گۆرانی بێژی سەركەوتوو ئەبێت خاوەنی گەنجینەیەكی رۆشنبیری زۆر بێت، بە تایبەت رۆشنبیری لە بواری مۆسیقا و گۆرانیدا، وە ئەبێت گۆرانی بێژی بە لانی كەم شارەزایی هەبێت لە ژەنینی ئامێرێكی مۆسیقادا، بەلام مەرج نیە هەموو مۆزیك ژەنێك گۆرانی بێژ بێت.

**لەگەل ئەو هەموو پێشكەوتن و ستۆدیۆ و كلیپ و میدیا و تەلەفزیۆنەكان بۆچی مەزهەری خالقیەكی تر دروست نابێت؟**

چۆمان رەشید: لەو بروایەدا نیم هیچ شتێكی چاك و خراپ لە مێژوو وون بێت، مامۆستایانی



وەکو مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەك و مامڵێ و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و ...هتد، هیچ یەکێك لەمانە لەو سەردەمەی کە ئەوان گۆرانیان تیا وتوە، بە پێی پێویست گرینگی و بایەخیان زۆر پێ نەدراوە ، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ مێژوو سەلماندی کە هەر یەك لەوانە چ گەوهەرێکن بۆ قوتابخانەی هونەری گۆرانی کوردی، ئەمڕۆش وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد راستە زۆری و بۆریەك هەیە لە مەیدانی گۆرانی و هونەری ئەمڕۆی کوردی، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەڵێم لە داهاتودا مێژوو شتە باش و خراپەکان لە یەك جیا ئەکاتەوە.

### ئەگەر یارەکەت خاڵێك لە سەر سینگی بێت، ئامادەیت ئەم گۆرانیەی بۆ بڵێی؟

چۆمان رەشید: تا ئێستا خاڵم لەسەر سنگی یارەکەم بەدی نەکردووە، بەڵام گەر بێت و بەدی کەم ئەو کاتە لەو بروایەدام ئەو گۆرانیەی خۆشتر بۆ بڵێم.

### چ گۆرانیەك لەگەڵ دەرونی خۆتا دەڵێیتەوە؟

چۆمان رەشید:

هەموو رۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر رێگای ئەوەستم هەتاکو ئەوەی پێم دایە

ئەم گۆرانیە، گۆرانی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو قادر کابانە، هۆنراوەی مامۆستا ئەحمەد هەردیە، ئەم گۆرانیە ئێستا زۆر زۆر لە ناخمایە، هەموو کات لەبەر خۆمەوە ئەیلێمەوە، چونکە .....

### هونەر چی پێدایت و چی لێ سەندیەوە؟

چۆمان رەشید: هونەر فێری راستگۆیی کردم، پەروەردەیەکی زۆر جوان پەروەردەی کردم، فێری ئەوەی کردم چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیاندا بکەم، بەواتایەکی تر ئەتوانم بڵێم هونەر خۆرەوشتە جوانەکانی پێ بەخشیم وە خۆرەوشتە نەپەسندەکانی لە بنەرەتەوە لێ سەندم.

### هونەر چی دەگەیێنێت لای تۆ؟

چۆمان رەشید: لای من هونەر هەوێنێکە بۆ دروست بوونی راستگۆیی و هەموو خورەوشتە جوانەکان و هەستە ناسکەکان لە مرۆڤەکاندا.

### کام گۆرانی خۆت خۆش دەوێ؟

چۆمان رەشید: هەموو گۆرانیەکانم لا خۆشەویستن ، چونکە ئەرك و ماندوبونم پێوە کێشاوە، بەڵام ئەتوانم بڵێم گۆرانی (هەنارە) لەگەڵ (گولێکم بوو) کەمێك لام نازدارترن.

### با کەمێك لە هونەر دەرچین، چۆمان رەشید لای کچان چەند رەفزی وەرگرتووە؟

چۆمان رەشید: دوو رەفزم هەیە، بەڵام پەنجە مۆری هیچ وڵاتێکی نیە. (بە پێکەنینەوە).

### تا چەند هەست بە فیز دەکەیت؟

چۆمان رەشید: بەرای من پێویستە مرۆڤ لە کاتی جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی کارەکانی کە لەسەر شانێتی رۆژانە گەورەیی و بە توانایی خۆی بخاتە روو، بۆ نمونە دکتۆرێك ئەبێت کاتێك گەورەیی خۆی بسەلمێنێت کە نەخۆشێك ئەچێتە بەردەستی، ئەو کاتە ئەو دکتۆرە گەورەو بە توانایە کە ئەو پەری توانای خۆی بخاتە گەر لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشە بە دڵسۆزانە، وە یاخود سیاسەتمەدارێك کاتێك گەورە و بەتوانایە کە سیاسەتەکەی خۆی پیادە بکات لە پێناوی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی میللەتەکەیدا، منیش وەك هونەرمەندێك فیزم هەیە تەنها بەسەر ئەو مایکرۆفۆنەی کە لە ستۆدیۆدا گۆرانی پێ تۆمار ئەکەم، وە هەوڵ ئەدەم چاکترو چاکتر گۆرانیەکانم بڵێم، بەڵام بەدەر لە کارەکانمان کەس لە کەس گەورەتر و گرینگتر نیە لای من، چونکە ئێمە پێش ئەوەی هونەرمەند بین یان کەسایەتیەکی ناودار بین، لە باوەرێکی ژیاندا هەمووان مرۆڤین.

### چۆمان لە چی پەشیمانە؟

چۆمان رەشید: هەموو شەوێك ئەتوانم بڵێم بۆ ماوەی خولەکێك زیاتر ویژدانم ئازارم ئەدات، لەبەر ئەوەی سالی ١٩٩٥ کاتێك باوکم ئەمری خوای کرد، من لە کوردستان نەبووم، وەك باس ئەکەن هەتا رۆحی تەسلیم کردووە هەر بانگی منی کوردووە، چونکە کەمێك خۆشەویست بووم لای، بەحوکمی ئەوەی منداڵی بچوکی بووم.

### چۆمان خەون بە چییەوە دەبینێت؟

چۆمان رەشید: وەك خەون بینین، مرۆڤ کاتێك کە ئەخەوێت زۆر شت هەیە خەوی پێوە ببینێت، بەڵام ئەتوانم بڵێم ئەو شتەی زۆر زۆر ئاواتە خوازم ئەویش ئەوەیە لە داهاتودا بتوانم چەند کۆنسێرتێك بکەم لە هەموو شارەکانی کوردستان و ئەوروپا بە مەبەستی ئەوەی هەموو داهاتەکانی ئەو کۆنسێرتەم تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی مەزارگەیەکی زۆر جوان و ئارامگەی هەموو ئەو ئافرەتانەی تیا کۆ ببێتەوە کە بەر هێرشی ئەقڵیەتی کۆنی پیاو سالاری هەندێك لە کۆمەڵگاکەمان کەوتون و لەناو چون.

### چ شتێکی ئافرەت سەرنجت رادەکێشێ؟ بۆ؟

چۆمان رەشید: بەدی کردنی راستگۆیی لە چاوی ئافرەتدا زۆر سەرنجم رائەکێشێت، چونکە خۆم هەوڵ ئادەم بۆ پێچو پەنا لەگەڵ بەرامبەرمدا بەتایبەت ئافرەت.

### حەزت لە چ ماچێکە؟ بۆ؟

چۆمان رەشید: ماچی چاو، چونکە کاتێك ماچی چاو ئەکەم زۆر هەست بەوە ئەکەم مرۆڤەکان پەیوەستن بەوەی کە راستگۆ بن لەگەڵ یەکدا.

### بە کورتی دایك لای چۆمان چی دەگەیەنێ؟

چۆمان رەشید: دایك لای من وەکو مانگێکی جوانی درەوشاوە وایە، بچمە هەر جێگایەکی دنیا لێمەوە دیارە و ئەیبینم.

### چۆمان نیازی چی هەیە لە داهاتودا پێشکەش بە هۆگرانی بکات؟

چۆمان رەشید: ئەلبومێکی گۆرانیم ئێستا لە تەواو بون دایە، پێك هاتووە لە هەشت تراك و بەم زوانە لەگەڵ جوانترین چەپکە گوڵی ئەم بەهارەی دەشت و کێوەکانی کوردستان، پێشکەشی ئەکەم بەسەرجەم میلەتی کورد و بەتایبەتی هۆگرانم.

### دوا ووتەت بۆ گۆڤارەکەمان؟

چۆمان رەشید: لە دوورەوە توند توند دەستان ئەگوشم و چاوی یەك یەك کارمەندانی گۆڤارەکەتان ماچ ئەکەم، چونکە ئەوان لە رێگەی نوسین و گۆڤارەکەتانەوە هەموو خوێنەرانی کورد بە ئاگا دێنن لە داب و نەریت و کلتوری نەتەوایەتیمان، دوبارە سوپاستان ئەکەم و دەستخۆشیتان لێ ئەکەم.